# مام ڕەسول و دینداری

هێرش و تالان و سوتاندن، بەشێکی گەورە لە مێژووی ئەو میللەتە دەگرێتەخۆی، بەڵام لەو بەشەی کە باشووری وڵاتە واپێدەچێت کلتوری تێکشکانی بەهایەکانی مرۆڤ لەژێر دەسەڵاتی خۆی نوسینەوەیانی کاڵکردۆتەوە و کەس تاقەتی گێڕانەوەی نەماوە ، بۆیە نامەوێت بتانبەمە گەشتێکی دوور نەبادە وەڕس ببن .

لەساڵی ١٩٨٨ دوای ڕاگرتنی شەڕی عێراق و ئێران ، وات هەست دەکرد هەرچی هێزی ڕژێمی بەعسە، بە تۆپ، فڕۆکە، دەبابە، بەرەو کوردستان هاتوون، وێرانیەک کە مرۆڤ ناتوانێت باسی بکات، دوای مانگی ١١ی هەمان ساڵبوو ، دووبارە بەعسیەکان هێرشێکیتریان کرد ، ئەو خانوانەی لە هێرشەکانی پێشوو دەستیان نەگەیشتبوێ یا پێرانەگەیشتبوون، دەیانتەقاندوە، دەیانڕوخاند....

ئەگەر لا دیواریش مابێت نەیڕوخێن دڵیان داناکەوێ هاوڕێ کوردۆ گۆتەنی.

دەڵێن: کانی بەهاران لە نەخشەی سەربازیدا شوێنی دیارینەکراوە، بۆیە ئەوێمان هەڵبژارد وەک بنکە.

چەند هاوڕێیەک بوین لە دۆڵی خۆشناوەتی بەرەو دۆڵی مەلەکان دەڕۆیشتین، گەیشتینە( بناوێ) گوندەکەی مام ڕەسوڵ، جگە لە گوندەکە کانیەکەشیان تەقاندبۆوە، پارچە سەبەیەک کەوتبووە سەر کانیەکە، ئاوی لەژێر دەردەچوو، ئێمە چیای کۆڕەکمان لێدیاربوو، بەڵام نەماندەزانی ئایە ئەوان ئێمە دەبینن یان نە؟ باوەڕێکی زۆرمان بە مام ڕەسوڵ هەبوو، نازانم مام ڕەسول چی بە خەیاڵدا دەهات، هێندە بینیمان دەست نوێژی هەڵگرت ، لەسەر پارچە سەبەکە دەستی بەنوێژکردن کرد، ئەگەر چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا ئەو وتوێژەم لەگەڵ هاوڕێ محسین یاسین نەبوایە، بڕوابکەن هاوسۆزیم لەگەڵیدا نە دەبوو.

لەسەر چیای هەورێ بوین ، بە دووربین سەیر ئەو گوندانەمان دەکرد، جاش و سەربازەکان وێرانیان دەکرد، گووتم : ئەو هەموو گوند و مزگەفتانەیان تێکدا، ئەو هەموو قورئانەیان سوتاند، کەچی ئەو میلەتە فزەی لێوەنایەت، هەر دەڕۆن و دەبن بەسەرباز و جاش بۆی، سەیری هاوڕێ موحسینم کرد، بۆ ئەوەی بزانم قسەکەم چ کاریگەریەکی لێکرد، دیتم فرمێسکی لە چاو دێنە خوارێ، گوتم هاوڕێ لۆ دەگرییێ ؟ گووتی : نا بینی ئەو زاڵمانە ئاینەکەشمان پێ ڕەوا نابینن، ئەو وەڵامەی ئەو بۆمن زۆر جوان و مرۆڤانە بوو، بەڕاستی نازانم ئایە فرمێسکی بوو یاخود وەڵامە چاوەڕوان نەکراوەکەی بوو؟ هەر چۆنێک بێت هەستێک لام دروست بوو، کە ئەو ڕاستە.

مام ڕەسول نوێژەکەی تەواو کردبوو، ئەو کاتەی دوو زیلی سەربازی بۆ لای بناوێ هاتن، هەڵکشاین بە باڵای ئیرۆن ، زیلەکان تانزیک گوند هاتنو، دوای ماوەیەک وەستان گەڕانەوە.

*****

شەو ساماڵێکی زیوینە، شوێن دەشتی هەریرە، سێ ماڵە ڕەشماڵی لێبوون ، یەکێک لەو ماڵانە، ژنەکە خزمی مام ڕەسوڵ بوو، هێشتا نانمان نەخواردبوو، دیتمان چەند ترومبێلێکی ڕژێم بۆسەیان داناوە، لە جادە کۆنەکەی هەریرێ، لە چاو دیار بوون مام ڕەسوڵ بەدووربین سەیریکردو بەڵام شڵەژانی پێوە دیار نەبوو، داوای دووگردی کرد، نوێژەکەی تەواو کرد، مام ڕەسوڵ ناوە ناوە پرسیاری ئەو دۆست و ناسیاوانەی دەکرد، پاش تێکچوونی گوندەکانیان دەربەدەر ببوون، ئایە ئێستا کەوتوونەتە کوێ؟ بەڵام بە دووربینش سەیری شوێنی بۆسەکەی دەکرد، نانەکەمان تەواو کرد، خەریک بوو بڕۆین، دەنگی یەک ئۆفمان گوێ لێبوو ، ئەو ژنە میهرەبانە لە ترس و لەخێرایی و لە دڵە گەورەکەی، نە یدەویست ئێمە بڕۆین و شفتتیەکە نەخۆین، ئەی خوایەکەی مام ڕەسوڵ دەبێ ئەو ئافرەتە، ئەو شەوە بە چەقۆ چەند دەستی خۆی بڕیبێت، مام ڕەسول گووتی .... دەستی خۆت زۆر بڕی، وەڵامی داوە: خەمی منت نەبی کاکە خوا دەکە ئەتو سەلامەت بی.( ببورن ناوی ئەو ئافرەتەم لەبیر نیە).

دەبێت ئەوەش بڵێم، پیاوەکەش زۆر ئارام و لەسەرەخۆ بوو هیچ پەلەی لێنەدەکردین.

ئەو خەڵکە جوانانەی پێشمەرگەیان کردبووە بە ئەندامی خێزانەکانیان، ئەو خەڵکانەی ببوون بە قەڵغان بۆ ئێمە، دەڵێن هەروا چاوەڕوانی بەڵێنەکانی ئێمەن، دەبێت دوای ئەو هەموو ساڵە باوەڕ بە ئێمە بکەن؟ دەبێت بزانن کە ئێمەش وەک و ئەوان بەکراسی بەری لەو دەسەڵاتە دەرچوویین؟ تکایە بەر لەوەی دادگاییمان بکەن، جوان سەیرکەن بزانن ئەوانە لە ئێمە دەچن..؟

*****

ئەو کاتانەی پێکەوە بوین حەزمدەکرد بزانم مام ڕەسول، بۆ بۆتە شوعی ، ئایە نەیدەزانی ئەو حزبە بەرنامەکەی دینداری نیە؟ بەڵام چۆن لێی بپرسم ، بەکردەوەکانی قەت ڕێگای نەدەدام لێی بپرسم ، ئەو مرۆڤە نوێنەرایەتی حزبی دەکرد لە هەموو شوێنێک، زۆر جار دەیگوتە هاوڕێیان وریابن هەندێک شت هەیە، پێویست ناکات لە پێش چاوی خەڵک بیکەین و بیڵێین، ئێمە بۆ خۆمان پڕوپاگەندەیەکی زۆرمان دژ دەکرێت، ئەو مرۆڤە جوانە خەونی ڕزگارکردنی مرۆڤەکانی سەر زەوی هەبوو، هەوڵی دەدا کەرامەت بۆ ئەو خەڵکە بگەڕێنێتەوە، وەک باسم کرد، ئەویش دەیزانی ئەگەر وڵاتەکەی ڕزگار نەکرێت دینەکەشی ڕزگار نابێت، ئەو کاتەی پێکەوە بوین، ماڵ و منداڵەکانی ئاوارەی ئوردوگا و ماڵان ببون، بەڵام ئەو پیاوە جوانە، ئێمەی کردبوو بە کوڕی خۆی، دەڵێن لە شەستەکان دژی ئاغا بووە و خزمێکی ئەندامی حزب بووە، کردویەتی بە دۆستی حزب ، لەو کاتەوە لەگەڵ حزب بوون بە هاوڕێ و هەوراز و نشێوان دەبڕن.

*****

ئەو پیاو بیری لە هەموو شتەک دەکردەوە، بەو تەمەنە گەورەیە، لەو کاتانەی لە ڕێگادا دەڕۆیشتین، ئێمە گەنج بوین پشوومان دەدا، ئەو چیلکە داری کۆدەکردەوە و لە پەنایەک، یا لە ژێر بەردێکی دادەنا ، دەمانگووت : لۆ چیە ئەوە مام ڕەسور؟ دەیگووت لەوانەیە لەکاتی سەرما ڕێبوارێک ڕێگای بکەوێتە ئێرە ......

هەتا لەو کاتانەی ئاگرمان دەکردەوە، بەسەر داران دەکەوت، لق و چیلکە وشکەکانی لێدەکردەوە، دەیگووت : لۆ هەموو لایەک باشە، درەختەکە، سوتان، دووکەڵی نابێت و دوژمنیش نامان بینێ، شارەزایەکی سەیری لە ڕێگادا هەبوو، بەبزنەڕێ دەیبردیە سەر ڕێگای سەرەکی، جارەک بە ڕێگایەکدا بچوبایە، لە گەڕانەوە بە هەمان ڕێگایدا دەهێنایەوە، سەری بچوبا نوێژی نە دەچوو، ڕێگا هەر چەند دووربا ڕۆژوی نەدەشکاند، خاڵێکیتر کە مەزنی ئەو پیاوە نیشاندەدات، بەر لەوەی بیر لەوەبکاتەوە زیان بە دوژمن بگەینێت، بیر لە خەڵکی ناوچەکە دەکردەوە، ئەوەم بەکردار لە دۆڵی مەلەکان لێیدیت ، دوو سەرباز گوێزیان لێدەکردەوە، نزیک بوینەوە لێیان بیانگرین، چونکە چەکەکانیان لە خۆیان دوور بوو،ئاخر مام ڕەسوڵ زۆر سیفەتی ئەفسانەی تێدابوو، کاتی خۆی لە شەڕی براکوژی ، پێشمەرگەیەکی یەکیتی گوتبووی : ئەگەر بمەوێ مام ڕەسوری لەخەوێدا دەگرم، مام ڕەسوڵ وەڵامی بۆ ناردبۆوە، واز لەو قسانە بێنە، وەرە خۆت تاقیبکەوە، ئەگەر مەبەستم لێبێت نایەلم مێڕوستان هەست بە هەنگاوم بکات، بەڕاستی وابوو، ئەو کاتەی لە سەربازەکان نزیک بوینەوە ، پەشیمان بۆوە، گووتمان بۆ پەشیمان بویتەوە، گووتی: زۆر حەز دەکەم دەرسەک بدەینە ئەو دوژمنە درندەیە، بەڵام خەڵکی ئەو گوندانانە تا ئێستا شەوانە دێن، بەرهەم و کەل و پەلەکانیان دەگوازنەوە، هەر ئەوەیان هەیە پێی بژین، با میەلەتەکەمان لەوە زەلیلتر نەبێت، مام ڕەسوڵ بۆ من کتێبێکە لە ئەرشیفی ئەفسانەکان و هیچ ئەرکیلۆگێک پەی پێنەبردوە، سوپاس ئەی مرۆڤە جوانەکە ، بۆ هەموو وانەکانت،بۆ سادەیت، هیوادارم هەموو مرۆڤەکان باوەڕبوون و باوەڕنەبونیان لە دڵی خۆیان دابنێن ، ئازادی ئەو میلەتە بگەینیە قۆناغێک شیاو ژیانێکی مرۆڤانە بێت، ئەو کاتە لەو زەویە جێگامان دەبێتەوە کە ڕێز لەخاڵە جیاوازەکان بگرین ،دەزانم دەسەڵاتی ستەمکاری گەندەڵ و ئیسلامی سیاسی ئەو خەڵکەیان خستۆتە چەندان بەرە ، بەڵام تا کەی ئەقل ئەو دەڤەرە جێدەهێڵێت ؟ کاتی ئەوە نەهاتووە خەم و ئازارە هاوبەشەکان کۆمان کاتەوە؟

*****

**تێبینی:** ئەمن حەزناکەم مەسەلەی خانەنشین بکەم بەکۆتایی قسەکانم،چونکە هێندەمان گوێ لێدەبێت،خەریکە ئەو گومانەم لادروست بێت وەک بڵێت کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە لەسەر کەم و زۆری خانەنشینە، بمبوورن ئەو نەریتە بۆ هەلێک دەقۆزمەوە، مام ڕەسوڵ ٤٠ ساڵ زیاتر خەباتی کردووە و چەندان جار ماڵی سوتاوە و بریندار بووە، بەداخەوە بە نائیب عەریف خانەنشین کراوە و بە موچەی دووسەد هەزار، بۆ ئەوەی دڵی بنەماڵەکەی بدەمەوە هەر دەبێت ئەوە بڵێم، ئەو غەدرەش بۆ گەورەی مام ڕەسولەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەو دەسەڵاتە لە مێژووی خەباتیان دەکات، ئەو دەسەڵاتە ساڵانێکە مێژووی مرۆڤی دڵسۆز بە زیندوو و مردوەکەی لە خۆی دوور دەکاتەوە، کەواتە شەهادەیەکی گەورەیە ئەگەر لای ئەو دەسەڵاتە خۆشەویست نەبێت.

**شوان حەسەن**
shwanhassan@hotmail.com



وێنەی مام ڕەسوڵ و بەختیاری شەهید تۆفیق هەریری

# 'یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک'لاپەڕەکانی بەرخۆدان هەڵدەداتەوە

'یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک' لەلایەن کاک ئاسۆ بیارەییەوە نووسراوەو لەم دواییانەدا لە سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. هەرچەندە کە گێڕانەوەی هەندێ بیرەوەری و یادگاری ڕۆژانی پێشمەرگایەتی و تێکۆشانی چەند پێشمەرگەیەکی حیزبی شیوعی کوردستانە، بەڵام خۆی لە خۆیدا تۆمارکردنی چەند لاپەڕەیەکی شانازی مێژویی بەرخۆدان و خەباتی کوردستانیانە کە دژ بە ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرست ئەنجام دراون.

ئاسۆ بیارەیی زۆر ڕاستوێژانە ڕەفتاری لەتەک ڕووداوەکاندا کردووە، بەوهۆیەشەوە لاپەڕەکانی مێژووی بەرخۆدانی گەلی کوردستانی بەمەزنی نەخشاندووە. نووسەری یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک لە تۆمارکردن و گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی لاسایی کەسانی پێش خۆی نەکردۆتەوە، ڕێچکەی تایبەت بەخۆی هەڵگرتۆتەوە، ئەوەش وایکردووە کە خوێنەر متمانەی زیاتری پێبکات. جێی داخبارییە کە دەڵێین: (زۆرێک لەوانەی کە پێش ئاسۆ بیارەیی، بیرەوەری و یاداشتەکانی ڕۆژانی پێشمەرگایەتیان چاپ و بڵاوکردۆتەوە، خۆیان بە قارەمانی تەکانەو تێکۆشەری عەیار بیست و چوار پیشانداوە، لەبەرانبەردا سیمای هەموو ئەوانی دیکەیان ناشیرین و قێزەوەن کردووە، ئەوەش لە سەنگایی بیرەوەری و یادگارەکانی کەم کردۆتەوە)، بەڵام جێی شانازیە کە کاک ئاسۆ ڕووداوەکانی بەو شێوەیە گێڕاوەتەوە کە هەبوونە، بەوهۆیەشەوە هەم چێژو تامێکی زۆرتری بە بیرەوەریەکان بەخشیوە، هەمیش یاداشتەکانی دەوڵەمەندتر کردوەو جێژی زیاتر بە خوێنەر بەخشیووە.

هەموو ئەو پێشمەرگە دێرینانەی کە ڕۆژانێک چەکی بەرگری و بەرخۆدانیان لە شان بووەو لە شاخ دژ بە سوپای بەعس تێکۆشاون، کاتێک یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک دەخوێننەوە، خۆیانی تێدا وێنا دەکەن، مێژووی تێکۆشانی پێشمەرگایەتیان لە هزرو دەروونندا زیندوو دەبێتەوە.

دەبێ دەستخۆشی لە کاک ئاسۆ بیارەیی بکرێ کە ئەوەندە سەرنجڕاکێش و پڕواتاو ئەدەبیانە (وێژەییانە) ڕستەو بڕگەکانی دارشتوون.

کاک ڕێکار ئەحمەد لە پەسنی ئەو کتێبەدا نامەیەکی بۆ کاک ئاسۆ بیارەیی ناردووە و ئەویش لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاوی کردۆتەوە، کە تێیدا هاتووە: ((وامهەست دەکرد لە هەڵتاندام، لە "قوتەی میریاسی"یەوە شوێنپێتان هەڵدەگرمەوە، دێ بە دێ، دۆڵ بە دۆڵ، شاخ بە شاخ ، چەم بە چەم بەدواتاندا دەهاتم، لە حەشارگەی تکتک دا پێتان دەگەمەوە)).

لەکاتی خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا هەموو ڕووداوەکان وەک فیلمی سینەمایی دێنە بەرچاو، ئەوەش تامەزرۆیی بۆ خوێندنەوە و تەواوکردنی یاداشتەکان زیاتر کردووە.




بەهۆی خوێندنەوەی ئەو یاداشتانەوە سیمای ڕاستەقینەی هەندێک خۆفرۆش و وڵاتفرۆش و گەلفرۆش ئاشکرا دەبێ، خوێنەر بە چاوی خۆی ئەو گوندانە دەبینی کە جاشە خۆفرۆشەکان دەیانسووتێنن! ئەو خەڵکە هەژارو سڤیلە دەبینێ کە گەورە جاشەکان کۆیان دەکەنەوەو بە کۆمەڵ رادەستی سوپای بەعسیان دەکەن، لە کاتێکدا ئەو گەورە جاشانە باش دەزانن کە خۆوڵاتیان و هاوڕەگەز و هاوخوێنانی خۆیان بۆ چاڵەکانی مەرگ دەبرێن و زیندە بەچاڵ دەکرێن، هەزاران جار بەداخەوە ئێستا هەندێک لایەنی سیاسی ئەو گەورە جاش و وڵاتفرۆشانە بە قارەمان و تێکۆشەر پێشان دەدەن و مووچەیان بۆ تەرخان دەکەن.

**ڕۆژی گەل**
rojiigel@hotmail.com